# ڕۆژی دەربرینی ماتەمینی و ئیدانەکردنی کوشتنی "دوعا" و شەری مەزهەبی



ئێمە کۆمەڵێك لەرێكخراو و کەسایەتی و لایەنی سیاسی لەبەریتانیا هاوشان لەگەڵ شارەکانی کوردستان و دەرەوە، ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی (7-5) ئەو ڕۆژە ماتەمینیی یەی لە سەرتاسەر دا ڕاگەیەنراوە، لەمەیدانی تراڤل گاسکوێر لەلەندەن، بەیادی دوعا مۆم دادەگیرسێنین و دەنگی ئازادی خوازانەمان دەردەبرین لەپێناو بەرگرتن بە بەردەبارانکردن و ڕەشەکوژی کە دەرهەق بەژنان لەکوردستان بەرێوەدەبرێ.

داوا لەتەواوی خەڵکی ئازادی خوازو کەسایەتی و ڕێکخراو و لایەنە سیاسی کان دەکەین لەگەڵماندا بەشداری بکەن.

لەگەڵماندا ڕق و تووڕەیی خۆتان دژ بەتراجیدیای بەردەباران کردنی "دوعا" و دژ بەهێرش بۆ سەریەزیدیەکان و شەڕی مەزهەبی بەشداری بکەن..

لەگەڵماندا شارستانێت و مەدەنێتی کۆمەڵگای کوردستان نیشان بدەن دژ بەفەرهەنگی دواکەوتوانە و پیاو سالاری و ناموس پەرستی و سیاسەت و دەسەڵاتێك کە هیچ بەها و حورمەتێك بۆ ئینسان و ئازادی بەرەسمی ناناسێت.

با بەهەموو تواناوە دژ بەم تاوانە نامرۆڤانەیە لەدژی ژنان لەکوردستان ڕابوەستین

کات: **ڕۆژی دووشەمە**:7-5

**کاتژمێر**:7 **ی ئێوارە**

شوێن: **مەیدانی تراڤلگارسکوێر لەلەندەن**

نزیکترین ئیستگای ڤیتاری ژێرزەنی چارین کرۆس لەسەر خەتی رەش

بەشداربوان:

- ڕێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان
- فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی
- حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق- ڕێکخراوی بەریتانیا
- ڕێکخراوی ئازادی ژن / نوێنەرایەتی دەرەوە
- کۆنگرەی ئازادی عێراق/ نوێنەرایەتی دەرەوە
- ناوەندی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان
- فدراسیۆنی پەنابەرانی کورد - کێرکلیس
- کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی – کێرکلیس
- کۆمەڵەی دۆستێنی کوردی ڕۆژئاوا لەبەریتانیا
- کۆمەڵەی ژنانی کورد – کێرکلیس

- **کۆمەڵەی کوردی ڕۆژهەلات – کێرکلیس**
- **ڕێکخراوی مافەکانی ژنانی کودو ئێرانی**
- **کەمینی نێونەتەوەیی دژی قەتلی ناموسی**

---

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە:**

**پرشنگ ئەحمەد بە ژمارە تەلەفونی (07894252708) و سەوسەن سەلیم بەژمارە تەلەفونی (07748851125)**